# له یادی هه‌ڵبه‌جه و ئه‌نفالدا ,خاوه‌ن مه‌له‌فه‌كان چیان لێ هات ؟

**سیروان ئه‌مین**
7.3.2005

**له كاتی هه‌ڵبژاردنه‌كاندا كه له كۆتایی مانگی یه‌كدا به‌ڕێ وه چوو هه‌م یه‌كیتی نیشتمانی كوردستان هه‌م پارتی دیموكراتی كوردستان به شێوه‌یه‌كی به‌ربڵاو بابه‌تی هه‌ڵبه‌جه و ئه‌نفالیان كرده ماتریالی ته‌بلیغ وته‌رویجی لیسته‌كانیان و كه‌وتنه ورژاندنی ئیحساساتی خه‌ڵك به مه‌به‌ستی به‌ده‌ست هێنانی زۆرترین ده‌نگ وا خۆیان نیشان دا كه خه‌م خۆر و دڵسۆزی خه‌ڵكی هه‌ڵبه‌جه و ئه‌نفالن و شه و ڕۆژ له خه‌یاڵی ئه‌واندان .**

**دیاره هه‌ڵبژاردن خۆی هه‌میشه سروشتی وایه كه هه لایه‌نێك به‌شداری ده‌كات له‌و پرۆسه‌یه‌دا یه‌كسه‌ر ده‌ست ده‌كات به وه‌عده و به‌ڵێن دابه‌ش كردن و به ڕواڵه‌ت چاره‌سه‌ر بۆ هه‌موو كێشه‌كان ده‌دۆزێته‌وه ، به‌ڵام به‌ڕاستی له‌ماوه‌ی 14 ساڵی ده‌سه‌ڵاتی حیزبه‌كاندا به عه‌مه‌لی ده‌ركه‌وت كه ته‌نها له كاتی شه‌ڕو كێشه‌كانیاندا خه‌ڵكیان بیر ده‌كه‌وێته‌وه ،خه‌ڵكی كوردستان ئه‌وه باش ده‌زانن كه زۆربه‌ی سوته‌مه‌نی شه‌ڕی ناوخۆ له پاشماوه‌ی ئه‌نفاله‌كان بوون هۆكه‌شی ئه‌وه‌بوو كه ئه‌وان بێكارو بێ ده‌رامه‌ت بوون ئه‌وانیش ئه‌مه‌یان ده‌قۆسته‌وه .**

**هه‌ر بۆیه من لێره‌دا كه‌متر ده‌چمه‌سه‌ر خودی ناهه‌مواره‌كانی خه‌ڵكی ئه‌نفال له ڕوی ئابوریه‌وه چونكه زیاتر له جارێك من له سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌م نوسیوه یان ئه‌گه‌ر سه‌ردانێكی ئه‌نفالئاواكانی وه‌ك سمود و شۆڕش بكه‌ی به‌سه‌و ئه‌وه‌ت بۆ ده‌رده‌كه‌وێ كه چی ئاڵ و گۆڕێك له ژیانی ئه‌و خه‌ڵكه‌دا پیك هاتوه چۆن ئاساوه‌ری ئه‌نفال و به‌دبه‌ختی له سه‌رو سیمایانا دیاره.**

**بۆیه من له‌م باسه‌دا زیاتر مه‌به‌ستم تاوانبارانێكه كه راسته‌وخۆ ده‌ستیان هه‌بوه له ئه‌نجامده‌رانی ئه‌و تاوانه گه‌وره‌یه به تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی كه له كوردستانن و ناوه‌كانیان له‌و لیستانه‌دا هاتوه كه له كاتی روخانی به‌عسدا ئاشكرابوون وله ژێره‌وه موچه‌خۆری ڕژێم بوون له ته‌واوی تاوانه‌كاندا به‌شداریان كردوه و جاوساغیان بۆ ڕژیم كردوه ،له كاتی ئاشكرابونی مه‌له‌فه‌كاندا كه به (مه‌له‌ف گیێت) ناسراوه ، له كاتی خۆیدا له ژێر فشاری خه‌ڵك دا وتیان ده‌بی خاوه‌ن مه‌له‌فه‌كان بدرێنه دادگا و بۆ خه‌ڵكی كوردستانیان ئه‌شكرا بكه‌ن به‌ڵام ئه‌و قسانه ته‌نها بۆ دامركاندنه‌وه‌ی فشار و ناڕه‌زایه‌تیه‌كان بوو هیچی تر تا ئێستا تانه‌ت یه‌كه‌سیشیان دادگای نه‌كرا.**

**ئێستا وا جارێكی ترساڵیادی ئه‌نفال و هه‌ڵبجه‌یه و ده‌زانم دیسانه‌وه یه‌كێتی نیشتمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان ده‌یكه‌نه‌وه به هه‌ڵاو ده‌بنه‌وه به كه‌س و كار و خه‌مخۆرمان بۆیه من كه سه‌ر با بنه‌ماڵه‌یه‌كی ئه‌نفالم و زیاتر له 88 كاس له بنه‌ماڵه‌كه‌مان بێ سه‌ر و شوێنن داوا ده‌كه‌م كه هیچ كه‌س بۆی نیه موزایده به له‌ناو چوونی كه‌س و كاره‌كانمانه و بكات و به مه‌به‌ستی سیاسی به‌كاریان بێنی ، ئه‌گه‌ر هه‌ر لایه‌نیك ده‌یه‌وێت كه‌مێك باری ده‌رونی و ژیانی پاشماوه‌كانی هه‌ڵبجه و ئه‌نفال بكات با بڕوا له كه‌لاوه‌كانی سمود و مه‌دینه شۆڕش و هه‌ڵبجه‌وه ده‌ست پێ .**

**با ئه‌و خاوه‌ن مه‌له‌ف و سه‌ره‌ك جاشانه دادگای بكات كه به شیوه‌یه‌كی راسته‌و خۆ ده‌ستیان تێكه‌ڵه له ته‌واوی تاوانه‌كاندا كه دژ به خه‌ڵكی كوردستان ئه‌نجامیان داوه ، بۆ كه‌م كردنه‌وه‌ی ئاسه‌وه‌ری ئه‌نفال ئه‌م هه‌نگاوانه پێویستن له‌وه‌ش بترازێ موزایده‌یه و له كولاندنه‌وه‌ی برینه سارێژنه‌كراوه‌كان به‌ولاوه شتیكی تر نیه .**